ڕەگەز یان جەندەر و پرسیاری ژنان.. ن: مارتا لینا مەیو لەویـــــــــــس وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە: هەمن ئەمانی

مەیلی هەندێک کەس بۆ بەهێز گرتنی پرسیاری ژنان لەگەڵ پرسیاری جەندەر دەرخەری بێئاگایی و نەزانیی زانستی و تێنەگەیشتنی بنەماکانی ئەو دوو کۆشیەیە.
لەوانەیە لە نێوان ئەو دواندا پەیوەندییەک هەبێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک هاوماناى یەکتر یان هاوشێوە نین. ڕەگەز یان جەندەر لە تایبەتمەندییەکانی پیاو و هەروەها ژنیش، وە باسکردن یان تاوتوێ کردنی ئەو بابەتە هەردووڵا واتە پیاو و ژنیش دەگرێتەوە. ئەگەر بڕوونی پرۆفیسەر لەستەر فرانک وارد "کەمێناسی ناسراوی جیهانی" ئاست بێت، دەستەواژەی جەندەر Gender پەیوەندی زیاتری لەگەڵ پیاو هەیە تاکوو ژن.
بڕوونکەی پرۆفیسەر وارد ئەمەیە کە ژن واتە مێینە، بناغەی سەرکیە، سەرەتای ڕەچەڵەکە و هەروەها ژن خودی ڕەچەڵەکە. بە شێوەیەکی سادە پیاو لەسەر ڕێگای سرووشت و پێگەیشتن "Evolution" بە مەبەستی جیاوازی و جیا کاریە، وە بە واتای تەواوەتی زیندەزانی "بایەلۆجیکی"، پیاو واتە ڕەگەز "جەندەر".

بەڵام لە جیهانی مرۆیی و کەمەڵایەتیدا پێگە و پەیوەندی ژن و پیاو ئاوەژوو بووە. هەرچەند ناتوانین کە جیاوازیەکانی نێوان پێکەی زیندەزانی "بایەلۆجیکی" و ڕوانینی باو و کەمەڵایەتی بەسەر پێگەی ژنان لە کەمەڵگادا تێنیا بخەینە ئەستەی هەوسبازیەکانی زەینی مرۆڤ. بەڵام بەڵا یان وەها بڕوون و ڕوانگەیەک کە بەو ڕادەیە جێکەوتوو بووە، دەبێت بە خۆقانی ڕوونکردنەوە و پاساوێک یان هەکارگەلێک هەبێت، دەنا نەیدەتوانی هەتا ئەمڕۆش بەسەر پێوە بمێنێتەوە. ڕاستیە زیندەزانی و بایەلۆجیکیەکان ناتوانرێت لەناوببرێن، بەڵام ڕوانگە زەینیەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو دەکەونە ژێر کاریگەری هەکارە ئابووریەکان لەژیاندا، وە ئەگەر بەڕادەی پێویست لەکەڵیندا قوڵی لەسەربکەین بەدەنیایینەوە هەکار و بناغەیەکی مادی بۆ هەموو بوارە کەمەڵایەتی و زەینیەکان دەدەزینەوە.

لە کوێوە ئەو خواستە بەردەوام دروست دەبێت کە پرسیاری ژن لەگەڵ پرسیاری جەندەری گۆڕاوی بەهێز وەربگیرێت؟
ناساندن و پێکهێنانی بنەچەی خاوەندارێتی تایبەتی "خاوەندارێتی تایبەتی واتە خاوەندارێتی تاکە کەسی بەسەر شتێک، ناوچەیەک و تەنانەت کەسێکدا"، پێگەی ژنانی لە کۆمەڵگادا بە تەواوی گۆڕی. مافی خاوەندارێتی تایبەتی ئەو هەڵەی لەگەڵ خۆی هێنا بە دوومانەبوون و هەروەها خواستی گواستنەوەی ئەو موڵکە بە نەوەکانی داهاتوو. ئەم دەسەڵات و سیستەمە ئابووریە نوێیە گۆڕانکاری زۆری لە پەیوەندی خێزانی و بنەماڵەییدا پێکهێنا. بە ئەوەی کە پیاوان بزانن کە دەبێتە بەشبەر یان واریسکانی ئەوان کە دەبن، تاکهاوسەری بوو بە پۆوسیتی و نیازێکی گرنگ، لانیکەم بە ژنان. کۆنترۆڵکردنی هەزی سێکسی و سێکشوالیتی ژنان، خواستی کۆمەڵایەتی بە دەستهێنانی کارلێکی دایکایەتی، سەرچاوەکەی لە خواستی غەریزی و دەروونی بە پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتیدایە.
لە پێگەی دەسەڵات و سەرکی بنەماڵەیان عەشیرەوە، لەگەڵ بوونی مافی تەواوەتی بە ژیانێکی تەواو و کامڵ بە مرۆڤ، ژنان کۆتنە بازنەیەکی تەنگی کۆمەڵایەتیەوە کە بگشتی لایەن کارتێکەرکانی دایکایەتیەوە دیاری دەکرا. پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و شوو کردن بوو بە بابەتێکی گرنگ لە ژیانی ژناندا. زمانی ئەمە سڵمێنەر و بێگەی ئەوەیە کە کاتێک دەبێین " پیاو و هاوسەرکەی" "Men an Wife" . ووشەی "Wife" "هاوسەری ژن" تەنیا باس لە پەیوەندی سەزداری لەگەڵ یەک پیاودا دەکات و پەوانەی بوونی ژنە. هیچ کەس بیر لە ناوهێنانی ژن و مێردێک ناکاتەوە بەواتای مێرد و ژن "Husband and Women". پێگەی ژنان یان پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان تا ئاستێکی زۆر لەسەر بناغەی جەندەری ئەو دیاری دەکرێت و گرنگی کۆنترۆڵکردنی ئەم بابەتە بە پاراستن و هاگرتنی بناغەی خاوەندارێتی تایبەت پەویست و گرنگە. ئەو خواستە بە کۆنترۆڵ و ژێردەستە کردنی جەگەزی ژن لە هوانگەی کۆمەڵایەتیەوە زیاتر لە کاتی هەوەدانی ژنان بە هاتنە ناو ئاراستەکانی تری هەسوڕان و کار کۆمەڵایەتیەکان خۆی نیشاندەدات. کاتێک کە کرێکارانی پشەوی مافی دەنگدان بە ژنان هەسوڕان و خەباتی خۆیان بە مافی یەکسان دەستپێکرد، یەکێک لەو بەیگانەی کە بە شێوەی بەربڵاو کێکی لە وەردەگیرا بە دژایەتیان ئەوە بوو کە ئەوان بە" ژنانی بێ ئەخلاق" نەو دەبران. هەر ماوەیەک لەموبەر یادی زیاتر لە سەدسالەی لەدایک بوونی ئەو پیاوەمان جێژن گرت کە بە یەکەمین جار لە ویلایەتی مین ژنی وەکوو مونشی لە دووکانی خۆی دامەزراند. ئەم پیاوە لایەن کۆمەڵگاوە پڕاوێز خرا و ئەو ژنانەی کە لەلای ئەو کاریان دەکرد

بەلای پیاوانی "بەرەزی" ئەو کاتەوە بە ژنانی "خراپ" نەر لەندران. هەر جارە هەوە و تەکەشانکی ژنان بە دەرباز بوون لەو ژیانە بەرتەسکە نالەبارەی بەهەی ڕەگەز یان پیشەی دایکایەتی بەی دیاری کرابوو بە ناشیرینترین و تاڵترین شێوە دژایەتی دەکرا.
ئەگەر کەنتڕۆڵ یان دیاری کردنی پەیوەندی ڕەگەزی سەکشوالی ژنان لە خواستەکات و پەویستیەکانی خاوەندارێتی تایبەت تێپەڕێت، کەواتە لە لایەنی لەژیکیەوە وامان بە دەردەکەوێت کە کلتووری ناوبراو ئەم پەویستیە زەروریە وەلا دەنێت و ژن توانای ئەوەی دەبێت کە ژیانکی شیاوی مرۆڤکی کاملی هەبێت. هەموو جارە یاسا و ڕێساکان یان پەکهاتنی کەمەگایەکی کەنتڕۆکراوی سەکشوالیتی ڕەگەزی لە سیستمکدا کە شوێنکەوتووی یاسای سەرمایەداریە، لەلایەن ئەو خواست و پەویستیە ئابووری و کەمەایەتیانەی کەمەگای ئەوکات دیاری دەکرێت. ئەم سیستمە ئابووریە تازەیەی کە ئەمە بە خەرایی خەریکین بەرەولای تەدەپەین، پەکهێنەری وەها پەیوەندیەکی کەمەایەتی دەبێت کە دەبێتە هەی پەشکەوتن و پارەزگاری کەمەگا.
ئەخلاقی سەرمایەداری ئەو کاتە لەناو دەچێت کە سیستمی خاوەندارێتی تایبەتی تێپەڕنین و لەناوی بەرین. قازانچی کەمەایەتی هاوبەش ئەخلاق و ستاندارەکی بەرزتری مەالی بە ئەمە دەبەخشێت.

کورتەی ژیانی مارتا لینا مەرو لەویس:
لینا مەرو لەویس لە ساڵی ١٨٦٨ لە شارەچکەی وارن لە ویلایەتی ئیلینۆی ئەمەریکا لەدایک بوو و هەر لەوەش خوێندی دواناوەندی تەواو کرد و لە ساڵی ١٨٩٢ بەوانامەی زانکۆی بەدەست هێنا.
ناوبراو کە بە لینا دەناسرێتەوە، وەک ئەدیب و وتەبێژی ڕەخنەگراوی یەکەتی ژنانی مەسیحی یەکسانی تا ساڵی ١٨٩٨ کاری کردووە و دوای ساڵی ١٨٩٨ دەستی داوەتە خەبات بە بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بە ژنان. لە ساڵی ١٩٠٠ چووە بە ئەرگەن و وەک کرێکارێکی ژن بە یەکەمجار هەوڵی ڕاکەشانی سەرنجی بزووتنەوەی بەهێزی یەکەتیە کرێکاریەکانی شیکاگۆیدا بە خەبات بە بەدەست هێنانی مافی دەنگدان بە ژنان.
لینا لە ساڵی ١٩٠٢ چووە ناو حیزبی سەسیالیستی ئامریکا SPA، وە خەباتی خۆی لە مافی دەنگدان بە ژنانەوە بەرەو سەسیالیزم گۆڕی. وەکوو ڕەخنەگر و سازماندەری سیاسی لە حیزبی سەسیالیستدا دەستی بەکار کرد و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٨-١٩١٤ لە هەموو ویلایەتەکانی ئامریکا قسەی دەکرد، هەروەها لە کانادا و ئینگلاندیش بەشداری لە

بەشێکلامیکاندا دەکرد. لە ساڵی ١٩٠٥ وەکوو ئەندامی کومیتەی میللی ژنانی حیزبی سۆسیالیست لە کالیفۆرنیا هەڵبژێردرا.
زیاتر لە ٢ ساڵ ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ساندەی مۆرنینگ پۆست و هەروەها ڕۆژنامەی کرێکاری ڕۆکخراوی ویلایەت، هەواڵی کرێکاری ئالاسکا بوو.
ساڵی ١٩٢٥ وەکوو وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتی حیزبی سۆسیالیستی کالیفۆرنیا هەڵبژێردرا تا ساڵی ١٩٣٠ و لەو ماوەیدا سەرنووسەری ڕۆژنامەی سۆسیالیستی Labor World بووە. ئەو لەو ماوەیشدا ئەندامێکی کارای نەودەوڵەتی ژنان بۆ ئاشتی و ئازادی و یەکێتی ژنانی دژنگدژ بوو. ساڵی ١٩٢٦ کاندیدی حیزبی سۆسیالیست بوو بۆ فەرمانداری "قائیم مقام" کالیفۆرنیا، وە هەروەها لە ساڵی ١٩٢٨ کاندیدی سۆسیالیستەکانی کالیفۆرنیا بوو بۆ مەجلیسی سەنای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا.
لینا لە ساڵەکانی ١٩٣١ بوو بە ئەندامی کومیتەی میلی ئیجرایی حیزبی سۆسیالیستی ئامریکا و لە ساڵی ١٩٣٦ لە حیزبی سۆسیالیست جیا بووە بە ئەوەی بچێتە ناو فەدراسیۆنی سۆسیال دیمۆکرات کە بەهەی جیاوازی ئایدۆلۆژیەوە لە SPA حیزبی سۆسیالیست جیا ببوو. ئەو لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا خەریکی بەڵەوبردنی کتێبخانەی کۆلۆژی زانستی کۆمەڵایەتی بێند بوو کە بە فەرکردن و خوێندنی سۆسیالیزم پێکهاتبوو.
لینا لە ساڵی ١٩٥٠، وە لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ئەگەرچی ئەو زەرینەی ژیانی خۆی لە ڕێبەرایەتی حیزبی سۆسیالیستدا بوو بەڵام ژیاننامەی خۆی هیچکات نەنووسیەوە، لەگەڵ ئەوشدا لینا خاوەنی زەر نووسین و بابەتە کە لە کتێبخانەی تامیمن لە ئاشیوی ئابرت واگنەر لە زانکۆی نیۆیۆرک هەڵگیراون.

ن: مارتا لینا مەڵەو لۆیس
وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە: هەمن ئەمانی

ئایا یەکڕیزن وەاتێکی گرنگە

بوو بە وای لێهات؟.. ئیدریس مستەفا

باسێک بە بەڵگە و زانیاری نوسراوەوە…

“ئەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە لە وڵاتی یوکرەین بوونی هەبووە بەهام رێژەی بەرزبوون و زیادبوونی ئاستەکەی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ەوە، ساڵی نفوزی دەسەڵاتی ئەمریکا و ئەوروپا، گەیشتۆتە چەپەپۆ.”

یەکەم: کاتێک لەگەڵ هاوڕێیەکی خەمدا دەربارەی گەندەڵی وڵاتی یوکرەین قسەبکەم، گوتی (پەویستیم بە هیچ زانیاری و بەڵگەیەک نیە بزانم وایە یان نا، مادام لە کوردستانەوە خەڵک دەچون بۆ پێنجا گەرام ماستەر و دکتۆرایان دەهێنایەوە ئەوە مانای ئەوەیە ئەو وڵاتە ئەوپەڕی گەندەڵی تێدایە.) ئەم قسەیەی ئەم هاوڕێیەم خەتمی مەری لە راستیەکی بەڵگەنەویستدا.

دووەم: لە دوای ٢٠١٤ەوە واتە لەو ساڵەوەی ئەمریکیەکان دەسەڵاتی سیاسی سیاسیان تێدا قایم کرد، داهاتی ساڵانەی یوکرەین ساڵ بە ساڵ هاتە خوار و گەندەڵی هەموو شوێنکی تێنی. لەم رووەوە دوو نموونە باس دەکەم:
١) بە پێی زانیاری Macrotrends کە وێبسایتێکی تایبەتە بە ئابوری و دارایی خشتەیەکی ئابوری وڵاتی یوکرەینی داناوە لە ساڵانی ١٩٨٧ تا ٢٠٢٠. خشتەکە GDPی یوکرەین واتە داهاتی ساڵانەی وڵاتی داناوە. تەنها لە ٢٠١٤ەوە تاکو ٢٠٢٠ داهاتی ساڵانەی یوکرەین دابەزیوە و ساڵی ٢٠١٤ کە دوایین ساڵی دەسەڵاتی پرۆ-روسیەکان بوو بەرزترین ساڵی داهاتی یوکرەین بووە. واتە ساڵی ٢٠١٤ داهاتی ساڵی یەکرەین ١٨٣ بلیۆن/ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە بەهام ساڵەکانی دواتر لە ٩١ بلیۆنەوە بووە و دواترین ساڵ کە ساڵی ٢٠٢٠ بووە ١٥٣ بلیۆن دۆلار بووە. ئەم ژمارانە لە کاتێکدایە کە ئەمریکا و ئەوروپا بەرهەمهێنانیان لە یوکرەیندا کردووە.

٢) یەکێک لە هەرە رووداوە گەندەڵیەکانی وڵاتی یوکرەین بە (هەنتەر بایدن)ی کوڕەکەی جۆو بایدنی ئیستا سەرۆکی ئەمریکاوەیە لەو وڵاتەدا و بگرە لە ولاتی ئەمریکاش رووداوێکی شەرمهێنەر و کەماریکان ئیستاش خەریکی لێکۆڵینەوەن لەسەری، هەنتەر بایدن، بەوهەیەی باوکی ئەدەم جۆگری باراک ئۆباما بوو، لە ڕۆگەی

باوکیەوە بەرهەمهێنانی نەوتی لە یوکرەین دەست پێکرد. سەرەتا بە ڕاوێژکاری ئابووری کۆمپانیانی نەوتی یوکرەین دەستی پێکرد کە مانگانە ٥٠ هەزار دۆلار ئەمریکی هەبوو کە لە وڵاتی یەکرەین پێی دەدرا، لە کاتێکدا داهاتی ساڵانەی کەسێکی ژیان مام ناوەند Middle Class لە یوکرەین ٤٣٠٠ دۆلار بووە. بە کورتی ئەو چەند ساڵەی هەنتەر بایدن لەوە بوو زیاتر لە ٨١ ملیۆن دۆلاری کەکردەوە.

٣) ساڵی ٢٠١٥ ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ڕایگەیاند کە: (یەکرەین گەندەڵترین وڵاتی ئابووری ئەوروپایە.) لە یوکرەین وەک هەر وڵاتێکی تر کە دەستی ئەمریکا و ئەوروپای پێ گەیشتبێ دەسەڵات گەندەڵیان هەناوەتە سەر حوکم تاکو لەو ڕێگەیەوە وڵات وەرانتر بکەن. وڵاتانی وەک یوگسلاڤیای پێشوو، ئەفغانستان، عێراق، لیبیا، وڵاتانی ئەمریکای لاتین و دواترینیان یەکرەین نموونەی بەرجەستەی ئەو سیاسەتە گەندەڵیەی غەربن. لە یوکرەین لە ٢٠١٤ەوە چینەک لە دەسەڵاتی سیاسی پەیدابوون کە بوون بە ملیۆنێر و ملیاردێر وەک سەرکەی پێشووتری یوکرەین بە ناوی پەترۆ پەرۆشینکۆ کە ئەمریکا بە بزنسمانێکی کارایان لە قەڵەم دەدا. سەرکەی ئەستای یەکرەین ئەمریکا هەنایە سەر ناو گەمەپانی سیاسیەوە بە دوو مەبەست: یەکەکیان بە ئەوە بوو کە دیمەنی گەندەڵی سیاسیەکانی وڵاتەکەی پە بشارەتەوە هەر وەک چۆن لە عێراقدا کەسێکی وەک مستەفا کازیمیان هەنایە سەر شانۆی سیاسی. دووەمیان، بە ئەوەبوو کە بە دنیا بڵێن یوکرەین هەز و بیروباوەڕی فاشی و هیتلەریزمی تیانیە ئەوەتا سەرکەی وڵات جووە. بەڵام لە ڕاستیدا هیزی سیاسی لە یوکرەین هیزێکی تەواو نازیزمیە و ئەمەیان لە wake نەشاردەتەوە و بگرە ئایدیۆلۆجیەکەیان کاریگەری بەسەر زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتەوە هەیە و نموونەش ئەو جیاوازیە ڕەگەزیە بوو کاتێک لەسەر سنورەکان کە نیاندەهشت غەیرە ئەوروپایی بچیتە بپەڕێتەوە پۆڵەندا. هەروەها جەندان نموونەی تری لەو جۆرە هەن دەرهەق بە غەیرە یوکرانیەکان کراوە و لە هەواڵەکاندا ڕۆژانە دەیانبینین.

سەهەم: پیشەسازی سەکس لە یەکرەین، ڕۆژنامەی گاردیان و ئەفیسی مافی مرۆڤ لقی یوکرەین و چەندان ڕۆژنامە و میدیای تر باس لەوەدەکەن کە یوکرەین بەتە وڵاتێکی پیشەسازی سەکس فرۆشتن و زۆربەی ئەو گەشتیارانەی ڕوو لەو ولاتە دەکەن بە مەبەستی سەکس کردن دەڵێن. ناتالیا ئینتێنقای جورناڵست لە ڕۆژنامە گاردیان وتاریکی بڵاوکردەتەوە بە ناوی: (بەخێر بێن بە کیەڤ، شاری ژنە جوانەکان و گەشتی پیشەسازی سەکس.) ژمارە و زانیاریەکانی تر لەم بارەیەوە

زۆرن و من لێرەدا ئاماژەیان پێنادەم.
بەم هەیانەوە یوکرەین نەک هەر بوو بە گەندەڵترین و هەژارترین وڵاتی ئەورووپا بەڵکو بووە بە وێرانترین و پڕ شەڕترین و پڕ ئاوارەترین وڵاتی ئەورووپا و لەوانەشە ببە بە چاوگی شەڕکی جیهانی گەورەتر.
ئەو گەندەڵیە کە هەموو وڵاتی تێنی بوو یوکرەینی بەم ڕادەیە گەیاندا چونکە هیچ جومگەیەکی وڵات نەمابوو لەوانە جومگەی سیاسی و دەوڵەتی و حموکی کە گەندەڵی خراپ و بە کەڵکی نەکردبێ. کاتێکیش ئەمە بوو ئیتر عەقڵ و حیکمەتی سیاسی لە وڵاتدا بوونی نامینێ و وڵات بەو فەتارییەدا دەجێ کە ئیستا دەیبینین بە داخەوە.

جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا جەنگێکی سەرمایەداری.. خۆشەوی کەمال

بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

KhoshawiKamal-1Download

فەقێکی ئاشق.. شەماڵ بارەوانی

ئیشق شتێکی لائیرادییە، ئاشق بوون لەدەرەوەی دەستات و کەنتەڵی کەسی ئاشقدایە، ئیشق ئاگرێکی زەر دژوارە و گە لەناخی ئاشق بەردەدات و وەکو مەم دەیسووتێنێت و دەیتوێنێتەوە، لەخۆا نەبوو ئاگری ئیشق تەبی بەشەخی سەنعان بتاڵ کرد، مەجنوون ساڵێک بەدەوری مالی لەیلا دا دەسوایەوە، لەپێناو یەک نیگای لەیلا.

دیگووت گەر سەگەکەشیان ببینم ئارامی بدە و ئاسوودەیی بدەروونم دەبەخشێت.

ئیشقی ڕاستەقینە، پەیوەندییەکی پاکوبڕینە و ڕاستگۆیی و قوربانیدان و توانەوە و بەیەکتری سوتاندە.
ئیشق نابێت هیچ مەرجێک بخاتە سەر توان ئاشقانەوە. وەلێ ئیشق ئاگرێکی هەندە دژوار و بەسوە و سووتێنەرە، ئیشق ناخی ئاشق دەکات بە خووز و ڕۆژانە و هەموو چرکەساتێک، چوون مەرگێکی لەسەرخۆ دەیکووژێت، بەتایبەتی دابڕان و مالئاوایی و نەگەیشتن و شاد نەبوون.
دەڵێن لە مامۆستایەکی زانستیان پرسی ئیشق چیە..؟
وتی: ئیشق تەنها مادەیەکە، کە بە بێ ئەکسجین بسوتێت.
ئیشق چاوی ئاشق لەئاست مەعشووق کوێر دەکات، مرۆڤ وەک کەسێکی هەرزەکار و منااڵێک لەدەکات، تەنانەت گەلێک جار ئاشق شێت دەکات.

ئیشق سنووردانی ئایین، مەزهەب، نەتەوە و ئیتن و ڕەنگ دەبڕێت. من بینیومە کچێکی باپاپۆش و لەچك پۆش و ئیسلامی شووی بە کەسێکی لائیک و لیبراڵ و سیکوالار کردووە، گووتوویانە: بیرو باوەڕکەمان شتێکی تایبەتە و هەرگیز نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەو ئیشقەماندا، لەو بووارەوە گرانیەکی فالکلۆری کوردیمان هەیە، بەزاراوەی کورمانجی دەڵێت(لێ لێ لێ، لێ لێ حنە، هەرکەس سەر دینا خوە، تێ یارامنە) ئیشقێک ڕاستەقینەبێت، تەنانەت زەر جار بەرامبەر ئامادەبووە لەپێناوی دا، دەست لەنزیکترین کەس و ئازیزترین کەسکانی هەڵگرێت و دەست بەرداری ئایین و بیر و باوەڕکەی پێشووی بێت و هەموو شتێک لە دوای خێ جێ بهێڵێت و بەوات و بڕگە ئەو کەسە بکەوێت کە ئاشقی بووە،

من ئەوەم بە نموونە لایەو لە نزیک ئەو دۆڕەی ئەمێ تەدا نیشتەجێین لەبادینان، لەساڵی هەشتاکانەوە، کچێکی مەسیحی ئاشقی کوڕێکی موسوڵمان دەبێت لەکاتی خوێندن، ماوەیەکی کچێکە هەمووی دژی ئەو پەیوەندیە بوون. کچەکیان سەرپشککرد، یان، ئیشقەکێت، یان، ئەمە، کچێ بەچاوی پێ لەفرمێسک و دڵی پڕ لەگریانەوە، ئیشقەکەی هەڵبژارد.
ئەفسووس ئاخریەکەی هەموان حاشایان لێی کرد و پێتی هەموو پەیوەندیەک و نزیکیەک و شتێکیان لەگەڵی دا بجڕاند.
ئەوە بە نزیکەی چل ساڵ دەڕوات، ماڵی ئەو کچە، کە ئێستا بووەتە داپیرە و چەندین نەوەیە هەیە، لەگەڵ ماڵی باوک و کەس و کاری چەند کیلۆمەترێک نەوانیانە، ئەوان لەدێیەک و ئەوانیتر کەمێگایەکی

نزیک ئەو دێیە، وا بڕیار ساڵ دەچێت، بە جارێکیش یەکتریان نەبینیوە، بەقسەی کوێی ئەو ژنەیی کە دواتر ئایینەکەیشی گۆڕی، ئەو کوڕە مناڵە و هاوڕێی سەردەمی فەقێیاتیمە و زەر جار چیرۆکی ئیشقی نەوان دایک و باوکی و تەواوی بەسەرهاتەکەی بە لە ئەلفەوە، تاوەکو یا، باسکردووم، ئەوێیە ئیشقی ڕاستەقینە.

ئینجا با سەرتان نێیشێنم و بەمەوە سەر مەسەلەی موشتاق بوون و ئاشق بوونی خۆم.
ئەوە لەکاتی فەقێیاتیم دا جارێکی مناڵێکی برادەرم گووتی شەماڵ گیان وەرە بچارە ئەو دیوی دێگەلە و دەشتی کێیە و لەدە… لەجیاتی من وتاری جوعمەیان لە بدەو من کارم هەیە. منیش بەیانی لەگەڵ پاسی کێیە زەر زوو بەرەکەوتم و گەشتمە دێیەکە و یەکەم پیاو لێم ڕاست هات و گووتی وەی لەو مناڵە قشت و گچکەیی ! خەناکرێت لەجێگای مناڵا… هاتبیت؟
گووتم بەڵێ وەڵا، گووتی دەی زوو جارە بە مزگەوت، بابرێنە مالە و چایەکی بخێنەوە، کە ڕەشتمە ماڵ چم بینی خودایە! شاجوان! حەری بەهەشت، سبیل جان، ئەوە چبوو خودایە گیان تە دروستت کردبوو و بەو هەموو جوانییە وێنەت کێشابوو!؟ خوشکی کابرای، کچەکی ناسک و تیتك زەرد و لەو ئاڵ. یەکسەر لە دەوە ئاشقی بووم،
لەخۆا نییە گووتراوە: ئیشق قایرەسکە لە ڕەگای چاوەوە دەواتە ناو دەوە.
لە لایەک بەئاگری ئیشق دەسووتام و لەلایەکیتر سەرزەنشت و لەمەی خەمم دەکرد و بەخەمم دەگووت: خەجاڵەتی بگرێت و نەک حەرام مەبێ، ئەوە ناپاکییە، ئەو کچە وەک خووشکی خۆت سەیربکە، عەیبە کاکە عەیبە، بەسەرهەستی خۆتدا زاڵ بەو دەی زوو بێ خودایە تەبە. لەو بیرو خەیاڵانەدا بووم.

لەپڕ کچەکە هاتوو و پێی گووتم بەخێرهاتی مامەستا، گووتم سەرچاوەکانم خوشکی خۆم، لەناخەوێش دەمگووت سوپاس گیانی مناڵی، هەی بەخۆم و مندیلەوە بە قوربانت بین. ماوەک لەوە دانیشتم و دواتر لەگەڵ پیاوەکە گەشتین بە مزگەوت، وەڵە مزگەوتی چی و حاڵی چی، وەکو کابرا منیش لەو چرکە ساتە دەمگووت(وەاهی، وەاهی، گیانی من، ئەستا چگە لەتە دەی من، هیچیتری تەدانییە)و بیر و هۆشم هەر لەکن ئەو کیژەی بوو و کورد وتەنی: پیس ئاشقی ببووم. لەناو وتار یەکەم جارم بوو بگریەم. سەیرم کرد دووسێ مامە حاجی بەتەمەن و دەپاک، لەگەڵ من دا دەستیان کرد بەگریان. بەستەزمانانە وایان دەزانی من لە حاڵی ئومەتی موحەمەد(د.خ)و لەترسی خوای گەورە

دەگریم، وای گەردەیان زانی گریانی من لەچیە و من موشتاقی کە بووم‌و ئاگری چ ئیشقەکی هەرزەکارانە، وا خەریکە گەم تەبەردەدات و دەمسووتێنێت، دەم کات بە هەم، بە سەراب، بۆئاو، کو بەرد بارانیان دەکردم.

ئینجا دووای تەواوبوونی وتارەکە چوینەوە ماڵی کابرای و دیاربوو حەزی لە بوو بە وەرە خوشکە خەمت بدەمێ. گووتی:مەلاگیان مەوالیدت چەندە، بۆتەما نیت ژنە بینی؟ گەتم ناوا جارە خەریکی خیندنە مەو هەشتا گچکەمە، وای کو پەم لەشانسە خەم ناو قوەم کردە بەختی خەم، ئاخر بە شانسی ئەمە بە ویراسیە و دەلەن باپیرە گەورەمان کاتی خەی دوو نانی بە دەپەی بارانە خواردیە، لەوی وەرایە دەشاوە.

خەوی باندە کانی نەنکم.. جلال عەبدوڵا ساڵح

(نەنک)م
بە باپیریم ی وت:

- ەژە زەمیلەیەک
میووەت بە نەناردم.
ئەوارەی چوارشەمەیەک
(باندە)کانی (باخ) ت انسپارد
چوار گەرانیم بە بەن.
چوار جار
پەت نەووتم:
گوە و
ژن
ەنگییان جوانە
یان
بەن

چوارشەممە ی (١٩٨٤)
"چوار" چرکەیی دەوویست
(گوند)ەکەمان هەوناک ببەتەوە
"نەنک"م
بەی گەڵامەوە:

- هەر چوار براکەی
لە چوار شەڵی جیاواز دا
(چاو)ییان کوڕ بووە
(دە) یان
تا هۆژی (قیامەت)
بووراوەتەوە

"نەنک"م
هەموو چوارشەمەیەک
چارەکی بوویستایە بە پارشەو
دەچوو بە سەرتەنووری ژیان
چوار تەنەکە ئاردی ئەمەی
دەکرد بە هەویر بە سبەی
چوار (نان) یشی دەکرد بە خەر
بە کەترەکان
چوار ی کەش
بە نیشتمان

(نەنک) م
بەر لەوەی نان بکەشت
چوار جار
دەی پەوا
پەش ئەوەی (بیسمیلا)ی
لە ئاو کا
چوار جار
دەگریا

(ن ن ک) م
تا
ژیا
ل (ئ نفا) ی
ئاو
ترسا

کا ت ک
چوار (س عات)
ل خ و دا
د مرم
ل گ (باران) ی
ش و دا
(ن ن ک) م
د ت
ب
لام

رویای پرندگان

جلال عبدالله صالح

پدربزرگم
به مادربزرگم گفت:

- روزی هیچ میوه ای
برایم نفرستادی
عصر چهارشنبه
به پرندگان
باغچه واگذار نکردید
که چهار آهنگ
به من بگویند.

چهار بار
به من نگفتید:

- گل ها و

زنان
زیبا هستند
یا بو می دهند.

چهارشنبه ۱۳۶۳ ثانیه های «چهار»
می خواستند
روستای ما روشن شود.
به او گفتم:

- هر چهار برادر

در چهار جنگ مختلف
کور شدند.

«مادربزرگ»
باید برای پراکنش
زندگی مشکل ساز می شد،
امروز چهار تن آرد با خمیر
برای فردا درست می کرد و
چهار نان
برای کبوترها درست می کرد و
چهار تا
برای وطن.

قبل از اینکه
غذا بخورد،
چهار بار
صبر می کرد
قبل از اینکه بیسمیلا
چهار بار در
آب می جوشد.

مادربزرگم
تا وقتی
که آنفلون
آب می شد
از آب
می ترسید.

ئارامیی و نائارامیی.. نۆزاد بەندی

ئارامی و بەدەنگیی باشترین بارودۆخن بۆ دز ، بۆ ئەوەی دزییەکەی بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات ، هەر بۆیە دز لە شەودا ، یان لە کاتی چەبووون و کش و مات بوونی مالە و شار و ئاوایيدا ، دزییەکەی ئەنجام ئەدات ..
کەواتە لە کاتی دزی و بۆینی مالەدا ، پاراستنی ئارامی و هەمنیی ، نەک هەر گەمژەییەکی گەورەیە ، بگرە ئەچەتە خانەی خیانەت و تاوانی نیشتمانی و مرۆییەوە ..
کاتە فەکە جەنگییەکان بەەوەن شارێک بەردومان بکەن ، لەو کاتەدا مارشی ئاگادارکردنەوە بۆ بەرزترین دەنگ ، کوچە و کەانەکانی شارەکە ئەهەژێنە و ..ئارامی وبەدەنگیی تەدا ئەشوێنە ، ئەگەر وا نەکات ، خەکەکە هەر بە خۆتوویی و بە ئاگایی ئەکەونە بەسەی بەمباران و تیا ئەچن .. ئا لەو کاتەدا تەکدانی ئارامیی و بەزارکردنی گوچکەی هاووەاتی و ترساندنیان و ەاچەکاندنیان لە خۆو ، گەورەترین کاری نیشتمانییە و شایانی مەدالیای ەەز و ئازایەتییە ..
کاتە نەخشەک یان بریندارەک ئەگەیەنیتە نەخشخانە ، ناچاریت بە خرایيەکی زۆر و هەەن لەدان و لایتی فول داگیرساندن و تەنانەت گوێنەدان بە هەماکانی ترافیکلایتی شەقامەکان ، ئەتومبیلەکەت لەبخوەیت ، ئەم تەکدانی یاسا و ئارامییە ، نەک هەر ناشیرین و یاساغ نییە ، بگرە جوانە و جێی دەستخۆشییە و هەموانیش پشتگیری و

کارئاسانیت بۆ ئەکەن لە هاووڵاتیەکی ئاسایی هەتا پۆلیسی هات و چۆ .. چونکە پاراستنی گیانی مرۆڤێک و زوو گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە ، گەورەترین و پیرۆزترین ئەرکی مرۆڤایەتیی و نیشتمانییە ..
کاتێکیش بەکتریایەک ئەچێتە لەشێکی زیندووەوە ، سیستمی بەرگری ئەو لەشە نائارامیی گشتی دادەگرێنە و ..ژمارەیەکی زۆر خانەی بەرگری ئەو جۆرە بۆ جەنگ دژی بەکتریاکە ، ئەویش ئازار و لەرز و تا و ئاوسان و هەوکردن و شێونخونیی لە پێدا ئەبێ ، کە هەموو ئەو نائارامییانە لە پێناوی پاراستنی تەندروستیی ئەو لەشە زیندووەیە ، ئەگینا لەشی مردوو ، هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر بە بەکتریاکان نیە و لە ماوەیەکی کورتدا دایئەزنن و شی ئەکەنەوە ..
تەنانەت لە لەشی مرۆڤدا ، هەرمۆن هەیە ، بە تێکدانی ئارامیی لەشە ، پێی ئەوترێ : هەرمۆنی ئەدرینالین ، ئەم هەرمۆنە لە کاتی ووبەووبوونەوەی مرۆڤ بۆ ئەگەری ڕووداندا کارئاساتێک ، ئەژمێرێ ، لەدانی دڵ و هەناسەدان خێرا ئەکا ، مرۆڤ ئامادە ئەکا بۆ هەڵوێستی خێرا ، وەکو شڵەکردن یان ڕاکردن ..لەکاتی هەموو مەترسییەکاندا ، بۆ نمونە کاتێ لە پێ ئاگرێک ئەکەوێتەوە ، ئەم هۆرمۆنە وا لە مرۆڤ ئەکا ڕابپەڕێ و هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکە وەزگارکردنی خۆیەک لە ئاگرەکە بدات ، هەموو ئەو کارانەیش لە دۆخێکی نائارام و هەناسەبڕکێ و لەدانی دڵی خێرادا ئەنجام دەدرێ بۆ ئەوەی خوێن و ئۆکسجینێکی زۆر بگاتە ماسولکەکان و بتوانن کاری قورس و خێرا ئەنجام بدەن ..بەڵام ئەگەر لاشە مردوو بێت ، ئەدرینالین ناڕژێت ، ئەو لاشەیە ئەبێتە سوتەمەنی ئاگر و هەموو مەترسییەکانی تر و لەناو ئەچێت .

شایی و شین و سروود ، کە تێکدانی ئارامی و بەدەنگین ، بەڵام گرنگن بۆ ئاگادارکردنەوەی چوار دەورەکەیە لە هەبوونی خۆشییەکی گەورە یان ناخۆشییەکی گەورە یان گەڕانکارییەکی ڕیشەیی ..
لەو نمونانە و ..چەندەها نمونەی تردا ، بەمان ڕوو دەبێتەوە کە لە کاتی تاوان و دەستدرێژی و داگیرکاری و گەندەڵکاری و هەرشی باندی مافیاگەریدا ، پاراستنی ئارامیی و هەمنیی ، گەمژەیی و تاوان و خیانەتێکی گەورەیە دژەهەق بە هەموو شتێک ..هەتا ئەو ئارامی و هەمنی و بەدەنگییەیش درێژە بکێشێ ، تاوان و دەستدرێژی و داگیرکاری و گەندەڵکاری و مافیاگەریەتیەکەیش درێژە ئەکێشن ..
هاوارکردن و تووڕەیی و بەگژداچوونەوە و فیداکاری و پشمەرگایەتیی ، لە ڕاستیدا تێکدانی ئارامی و هەمنین لە پێناوی ڕاگرتنی زوڵم و داگیرکاری و پاوانخوازی و مافیاگەرێتیدا ..
ئەم حاڵەتی تێکدانی ئارامی و هەمنییە ، لە پێناوی کەمکردنەوە ئامانجی

بەرز و پیرۆزدایە :

1. ڕاگرتنی تاوان و دەستدرێژی و داگیرکاریی لە سنووردا .
2. شکاندن و ڕاوەدونان و لەناوبردنی تاوانباران و لەپەچینەوە لێیان .
3. لە دوای پاککردنەوەی ناوچەکە ، ئینجا گەڕانەوەی هەمنی و ئارامیی ..

لە کاتی دروستبوونی نەخشیەکی ترسناک لە لەشدا ، کە بەرگریی لەش توانای نەمێنێت ، نەخۆش ئەبرێتە نەخۆشخانە ..بەهۆش ئەکرێت ..لاشەی بە نەشتەر ئەکرێتەوە ..بەکەی زەر خوێنی لە دەت ..ئازارێکی زەری پێدەگات ..
هەموو ئەو کارانە لە ڕووکەشدا کاری ئازاربەخش و تێکدەری ئارامی و هەمنیی و شەونخەر و بریندارکردنی لاشەی نەخۆشەکەیە ، بەڵام ئەگەر ئەو نائارامیی و کارە ئازاربەخشانەی بە نەکرێت ، نەخۆشەکە ئەمرێت ..
ئەگەر بە تیشک و چارەسەری کیمیایی ، ئارامیی و جوانی و شەوەی نەخۆشەکی شێرپەنجە تێکنەدرێت و نەشۆنرێت ، ناتوانرێت دژایەتی شێرپەنجەکە بکرێت و نەخۆشەکە لە هەمنی و ئارامیدا ئەمرێت .

میللەتە زیندووەکان ، کە داگیرکاری و گەندەڵکاری و مافیاگەرێتیی لە ووڵاتەکیاندا ببینن ، ئارامی و هەمنییان ئەشێوێت و کاردانەوەی گەورەیان ئەبێ ..تەماشای مێژوو بکەن ، بزانن میللەتە پێشکەوتوو سەربەرزەکان ، بە چ نائارامیی و تێقینەوە و بەگژاچوونەوەیەک گەیشتوون بەو پلە و پایە و هەمنی و ئارامییەی ئەمڕۆ تێیدا ئەژین ..
لە بەرامبەردا تەماشای میللەتە بەدبەخت و بە هەژار و بکاردانەوە و کپ و بەدبەختەکان بکەن ، چەن هێندە بە هێز ژیان و گوزەرانیان وەرانتر ئەبێت و .. ماف و هێز و سەربەرزی و کەرامەتیان زیاتر پەشێل ئەکرێن ..بەوانن چەن لە کار مریشکە بەدبەخت و هەمن و ئارامەکان لەو هەمنی وئارامی و بەدبەختییان بەردەوام بن ، هێندە بە هێز زیاتر سەریان دەبڕن و ..شەفکان خواردنی خەشتریان لە دروست ئەکەن .
(تێگەیشتن ؟؟؟؟؟

دوو شیعـــر لـــه (ســـلیڤیا پلاس)ـــەوە(*).. و: نـەژاد عزیـز سورمێ

• هەرگیز هەوێ مەدە
بە ماچێك هەڵمبخەڵەتێنی

هەرگیز هەوێ مەدە بە ماچێك هەڵمبخەڵەتێنی
وا پێشان بدەی
باڵدار هاتوون لێرە بمێننەوە
ئەو پیاوەی ئاوزنگ ئەدا
بە گاڵتە و ڕەقەوە تەماشای ئەمە دەکا .

ئەو بەردەی دڵی نییە
دەتوانێ خۆی بگۆڕێ
پاکیزە لەو شوێنەدا سەرهەڵئەدەن
(ڤینۆس)ی هەوەسباز لێی ڕادەکشێ :
هەوێ مەدە بە ماچێك بمخەڵەتێنی .

پزیشکی ڕەندمان پێی وایە
ئێش ئیشی ئەوە
نەخۆشە سەرگەردانەکانیش
قسە لە قسەی ناکەنەوە :
ئەو پیاوەی ئاوزنگیش ئەدا
بە ڕق و گاڵتەوە تەماشای ئەمە دەکا .

هەر تۆلازێکی سینگێی بەکەڵ
لە ترسی ئیفلیج بوون هەڵدەلەرزێ
پیرەمێردی ڕەبەنیش لە هەورەبانەکەدا
بە درۆزایی ڕۆژ دەگری :
هەرگیز هەوێ مەدە بە ماچێك بمخەڵەتێنی .

ماڕە نەرم و نیانە نەمرەکان
هەڕی بەهەشت
بەو منارە لێبڕاوانەی شێتی شادین ئەدا
ئەو پیاوەی ئاوزنگیش ئەدا

به گاڵتەو ڕەوە تەماشای ئەمە دەکا .

زوو یا درەنگ
شتێك ڕوو ئەدا میزاج تێك بدا
باڵدارە خۆشخوانەکان
کەل و پەلیان کۆ دەکەنەوە و
دوور دەفڕن
بۆیە هەرگیز هەوڵ مەدە
بە ماچێك بمخەڵەتێنی
چوون ئەو پیاوەی ئاوزنگ ئەدا
بە گاڵتە و ڕەوە تەماشای ئەمە دەکا .

• گڕانییەکی خۆشەویستی بۆ کچێکی شێت
چاو ئەتروکێنم
دونیا هەمووی دەمرێ
پڕووم بۆیند دەکەمەوە
جارێکی دی هەموو شتێك لەدایك دەبێتەوە
(لەو باوەڕە دام من تەم بە خەیاڵم دروست کردووە)

ئەستێرەکان سەمای ڤاڵس
بە ڕەنگی سوور و شین دەکەن
ڕەشی هەڵەمەکی بەغار دێتە ناوی
چاو دەنووقێنم و دونیا هەمووی دەمرێ .

خەونم دی فریوت دام
لەگەڵت بێمە سەرجێ
تا عەقڵیشم لەدەست دا
گڕانیت بۆ چێیم
ئیتر تا شێت بووم ماچت کردم
(لەو باوەڕە دام من تەم بە خەیاڵم دروست کردووە)

خواوەند لە ئاسماندا هەڵدەدڕێ
ئاگری دۆزەخ لێ دەچنەوە :
پیاوەکانی شەیتان فریشتە باڵدارەکان دەڕێن
چاو دەنووقێنم و دونیا هەمووی دەمرێ .

وام بە خەیاڵ داهات
بەو ڕێیەی وتم دەگەڕێیەوە
بەڵام من پیر دەبم و ناوی تەم لەبیر دەچێتەوە

(لەو باوەڕە دام من تێم لە خەیاڵمدا دروست کردووە)

بۆ من باشتر بوو
عاشقی یەکێ لە باڵدارەکانی بروسکە بم
هەر چی نەبێ لانی کەم
کە بەهار جارێکی دی دێتەوە
ئەویش بە ژاوەژاوی دەگەڕێتەوە
(لەو باوەڕە دام من تێم لە خەیاڵمدا دروست کردووە)
چاو دەنووقێنم ، هەموو دونیا دەمرێ .

() لە ساڵی 1982 لە بڵاوکراوەی -گۆڤاری- ی ڕۆشنبیری و هونەری لە (*) . لە ماڵپەڕی (القصيدة كوم)ـەوە کراوە بە کوردی .
بڕوانە :

https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=3751

https://www.alqasidah.com/epoem.php?ie=3745

ڕۆژنامەی دەنگی کرێکار- ژمارە ٣١

بۆ خوێندنەوەی ژمارە ٣١ی دەنگی کرێکار کلیکی ئێرە بکەن..

بۆ یادی شجریان.. شیعر: محمد رضا یار/ وەرگێڕانی: پشکۆ

ناکام

لەم خەڕ تاوێ ، ماڵ ئاوایی مەکێ
بەم دڵە شکاوێ ، ماڵ ئاوایی مەکێ
فورسەتم بێ
تینوێتیم بڵاوێ نەم
لە سەرابا وا ئەمرم
ماڵ ئاوایی مەکێ...

ووناکی پوشاک چرای شوانەم
تۆی: مەمی من
ەشن بەرەوێ
ماڵ ئاوایی مەکێ...

کۆتایی ئەم ەگۆیێ ئاگر گرتنێ
ئەی خەر بگەەرەوێ
ماڵ ئاوایی مەکێ
بێ بەیاد هەنانەوێ ، ئارام بگرێ
ماڵ ئاوایی مەکێ
بەم خەرایێ
ماڵ ئاوایی مەکێ
’’’’’’’’’’“

ئەم تێکستە لەلایەن”سالار عقیلی” کراوە بە گەرانی

جەنگی رووسیا و ئۆکرانیا بۆ چی و بۆ کوێ دەگات؟.. ڕەزا شوان

هەموو ئەو قسانەی کە شڕەقەکارانی سیاسی و شارەزایانی سەربازی دەربارەی جەنگی نێوان رووسیا و ئۆکرانیا وتوویانە، گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە دیار نییە ئەم جەنگە بۆ چی دەگات و چۆن و کەی کۆتایی دێت. چونکە وەکوو دەڵێن “شەڕ بۆ

تەقەیەک دەستپێدەکات.. بەڵام بە هەزاران تەقە ڕاناگیرێت".
گەر ئەم جەنگە درێژە بکێشێت ڕاستەوخۆ و ناڕاستوخۆ، پریشکی گڵی لێ وەتان و گڵانی کەش دەگرێتەوە.
ئەمە جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا دوانزە ڕۆژە بەردەوامە، تا دێت شێوەکە دژوارتر و دەندانەتر دەبێت، تا دێت ژمارەی قوربانیان لە سەربازانی هەردووڵا و لە خەڵکی سڤیلی ئۆکرانیا زیاتر دەبێت، پێشبینی ئۆواش دەکرێت کە نزیکەی (١٥) ملیۆن ئۆکرانی دەربەدەر و ئاوارەی وەتانی ئۆروپا ببن. چونکە تادێت چەکی قورستر و کوشندەتر و کاوڵکارتری تێدا بەکاردەهێنن. ژمارە کەژار و بریندارکراو زیاتر دەبن. ئەمەیە ڕاستی شەڕ، چونکە شەڕ پیاسەکردن و گەشت نییە، شەڕ کوشتن و کاوڵکردن و ماوەڕانییە، لە شەڕدا ڕووشت و مرۆڤایەتی و ویژدان بوونیان نییە و تەنها ناون. لە شەڕدا یاسا و ڕسا و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرایەتییەکان هەمووبان بە درەدکەونەوە و دەبنە مەرەکەبی سەر کاغەز و هیچی تر. نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش دوو ڕەکخراوی، بە دەستەاتن. لەوە زیاتریان لەباردا نییە، کە لە بیان نامەیەکدا لەمەی شەڕ و لایەنی شەڕەگیرسێنەر بکەن. مافی قیتۆش وایکردووە کە بەیارەکانیان سەنگیان نەبێت.

لە جەنگدا نە سنووری سیاسی دەوڵەتان پیرۆز و ئارامە، نە ژیان و ماڵ و سامان و ئابووری خەڵکیش پارێزراوە. بڕاندنی سنووری سیاسی و ڕووشتی و یاسایی و مرۆڤایەتی و یژدانی و پشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و منداڵان و هەموو ڕەگەزەکان و جاڵانامە و بەیارە نێودەوڵەتی و نوێنەرایەتییەکان. لە لایەن وەتە زلهێزە داگیرکەرەکانەوە پشیل دەکرێن، گوێ بە ڕووشت و بە هیچ یاسایەک نادەن.
ئەم جەنگە، شەڕێکی تەواریییە، لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا شەڕێکی لاسەنگ بوونە. هەریەکەیان دەیەوێت ببێت بە تاک تەوار و باڵادەست و سەنگداربێت. بەانسی هەز بە لای خەیدا سەنگڵا بکات. ئەگەر چیش لەسەر قوربانیدان و تەوگلانی گڵان و وەتانی بە هەز و شێنخوازیش بێت. گرنگ بە لایانەوە بڕژوەندییەکانی خۆیانە، کاریش بە چەمکی تیۆری میکافیلی دەکەن"هەیەکان پاکانە بە ئامانج دەکەن". هەر ئەم بۆچوون و بڕژوەندی پەرستییە و لەخۆبایی بوونیان و سەنگڵای هەز و داهێنانی چەکی کوشندەی کەمکۆژی و بە سەربازیکردنی دەوڵەت و خۆ بە زلهەز زانین و هاوپەیمانی و بە بڕبوون و گڵکۆمەیی

لە یەکتری و ئارەزووی جەنگ و داگیرکردن و تاقیکردنەوەی چەکە داهێنراوە تازەکانیان لەسەر خەڵکی سڤیل و ئاوەدانی ساڵەهای ساڵ و چاوبڕینە سامان و خێروبیری وڵاتان و گەلانی بە هێزتر. بوونە هێگیرساندنی دوو جەنگی جیهانی وێرانکەر، تەڵ و وشکیان سوتاند و بە ملیۆنان مرۆڤی سڤیل و بێتاوان بوونە قوربانی ئەم دوو جەنگە، لە دوایيشدا سەرکردەکانی شەڕ، تەوقەیان لەگەڵ یەکتریدا کرد و بە زەردەخەنەوە لەسەر مێزی گفتوگۆدا دانیشتن، وەک ئەوەی نە بایان دیبێت و نە باران. دەبوایە سەرکردەکانی دوای ئەم دوو جەنگە، وانە و پەندیان لە ئەنجامەکانیان وەربگرتایە و هەموو بایەخێکیان ئاوەدانکردنەوە و خۆشگوزەرانی گەلەکانیان بوایە، نەفرەتیشیان لە شەڕ و شەڕخوازان بکردایە. ئەو هەموو بوودجە زەبەلاحەیان بە پشبڕکێی چەکی ئەتەمی و وێرانکاری تەرخان نەکردبایە. بەڵام بە داخەوە، لە دوای ئەم دوو جەنگەشەوە، هەر خەریکی خۆئامادەکردن بە جەنگەکی تر، بە ئەوەی گوە بە ئەوەبدەن کە ئەنجامەکەی چی ئەبێت و نابێت.
لە ئەمڕۆشدا گەلی ئۆکرانیا باجی شەڕکەی قورس دەدات، هەشتا ئەندامەکانی دیارنییە کە بە کوە دەگات. هەرگیز چاوەڕوانی ئەنجامەکی باش لە جەنگ ناکرێت، جگە لە زیان. تا ئەمڕۆش هیچ گەلێک وەکوو گەلی کوردی بەدەرتانمان، ئازار و قوربانی و ماڵوێرانی و سەرگەردانی و داگیرکاریی و تاڵاو و ژەهراوی جەنگی نەچەشتووە.
ئەم جەنگە، تەنیا شەڕکی سەربازی نییە، بەکوو، شەڕکی ئابووری و سیاسیشە.
ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەیانەوێت لە ڕێی (گەماروی ئابووریی) ەوە، چەک بە ڕووسیا دابڕێن و زیانەکی گەورەی ئابووری پێبگەیەنن. ڕووسیاش سزا ئابووریيە نیودەوڵەتییەکان لە دژی، بە (ڕاگەیاندی شەڕ) دەزانێت.
ڕووسیا چاوی بڕیوەتە سامانی ئۆکرانیا، چونکە ئۆکرانیا زۆییەکی بە پیتی هەیوە دەوڵەتکی کشتوکاڵی بەهێزە، بە تایبەتیش لە بەرهەمهێنان و ناردنی گوێبەژۆ و ڕەنی گوێبەژۆ و گەنم و جۆ و گەنمە شامی. کانی بەنرخیشی زۆرە. ئۆکرانیا شوێنکی و جیۆسیاسی و ستراتیژی گەورەشی هەیە. کەوتۆتە سەر (دەریا ڕەش) و پگەیەکی بازرگانی گەورەی هەیە. بۆی گازی ڕووسیاش بۆ ئەوروپا بە ناو خاکی ئۆکرانیادا تێدەپەڕێت.

ئامانجی رووسیا لە داگیرکرنی ئۆکرانیا، تەنها ئەو ترسە نییە کە ئۆکرانیا ببێت بە ئەندام لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ). گەر وابوایە کە لتوانیا و مۆلداڤیاش کە دوو دەوڵەتی هاوسنووری رووسیان و بوون بە ئەندام لە ناتۆدا، هەریەکەش لە سوید و نەرویج و فنلەندا و تورکیاش کە ئەندامی ناتۆن و هاوسنوورن لەگەڵ رووسیادا. رووسیا هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەر بە ئەندامێتی ئەم دەوڵەتانە نەبووە.
ئۆکرانیا کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و ئەندامێکە لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، مافی ئەوەی هەیە، بە ئازادی هیچ بەیارێک لە بەرژەوەندی گەل و وڵاتەکەی بدات. ئەی چۆن نەترسێت، کە رووسیا لە ساڵی (٢٠١٤) ەوە (دووڕگەی قرم)ی ئۆکرانیای داگیرکردووە و خستوویەتە سەر رووسیا، ئێستاش هەوڵی ئەوە دەدات کە هەموو خاکی ئۆکرانیا داگیربکات و حکوومەتێکی بووخەنت و حکوومەتێکی جاشی سەر بە رووسیا لە ئۆکرانیا دابمەزرێنێت، بە ئەوەی دەست بەسەر سامانەکانی ئۆکرانیادا بگرێت. بەڵام بە ئاسانیش ئەمەی بە ناچێتە سەر. چونکە سوپا وگەلی ئۆکرانیا دەست لە قوربانیدان هەڵناگرن و درێژە بە بەرگریکردن لە وڵاتەکەیان دەکەن. وەک چۆن ئەفغانییەکان رووسیایان ناچارکرد کە ئەفغانستان بچێبهێڵن. لەو بوایدام لە ئۆکرانیاش هەر هەمان چارنووسیان بەسەردێت.

پەموایە کە رووسیا بەم زووانە بە هەڵکی تایبەتی زیاتر و دەبابەی زرتر و لژەر بەردووەمانکی چەی فرۆکە و موشەک بارانداە، شاری (کیف) ی پایتەختی ئۆکرانیا دەگرێت. بەڵام رووبەووی بەرگرییەکی تۆندی سوپا و خەبەخشانی ئۆکرانیا دەبێتەوە و گوژراو و بریندار و ئاوارەیی و کاولکردنکی زری لەدەکەوێتەوە. ناڕازایی و رقکی زیاتری دەوڵەتان و گەلانی جیهانی لەدەکەوێتەوە. تا ئەوش رووندات نازانین هەڵوەست و کاردانەوە و سزای ئەمریکا و ناتۆ و ولاتانی ئەورپا و جیهان بەرانبەر بە رووسیا چی دەبێت و چی سزایەکی زیاتری دەدەن. جیهانکی نوش دێتە کایەوە.
جەنگی رووسیا لە ئۆکرانیا، زەنگکی مەترسیدارە، گەر درێژە بکشێت، تشنە دەکات و زەر ناوچەی رژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە. لەوانەیە (کەماری چین) یش پەلاماری (تایوان) بدات، تورکیاش پەلاماری باشووری کوردستان بدات، بە بیانووی ئەوەی کە (مووسڵ) و (کەرکووک) دوو پارێزگابوونە سەر ئیمپریالیزمی عوسمانی داگیرکەر بوون.

رووسیا و ئۆکرانیا گەر بیانویستایە و بەرژەوەندیی هەردوو لایان رەچاو بکردایە، دەیانتوانی کێشەکانی نێوانیان، لە ڕێی گفتووگۆ و دیپلۆماتییەوە چارەسەر بکردایە و نەگەیشتبایە بە ئەم جەنگە، کە نازانرێت بۆ چی دەگات؟ بەڵام تا درێژە بکێشێت لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیان و هەموو جیهانیشدا نییە. گەر ئێستاش بۆ بەوا و نێت پاکییەوە دانووسان بکەن، لە بەرژەوەندی هەردوو لایانە، وەکوو دەڵێن: زیان لە نیوەشی بگرێتەوە هەر باشە. تا ڕژێک زووتر شەڕکەیان ڕابگرن باشترە و زیانی کەمتر دەبێت.
لە ڕاستیشدا ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپاش وەکوو پێویست هەوڵی ڕاگرتنی ئەم شەڕیان نەداوە، بەڵکوو هەندێکیان وەکوو هەواداڕانی یاریی تەپی پە لە نەوان هەڵبژاردەی دوو وڵاتدا، بوونە بە تەماشاکەر، کە کامیان شەڕکە دەباتەوە.
ئەم چیرۆکەم دەتەوە یاد: کە دوو منداڵ شەڕیان دەکرد.. پیاوێکی ڕیش سپی لە دیاریان وەستابوو و زۆق زۆق سەیریانی دەکرد.. پیاوێکی تر لە دوورەوە بینییانی و هاواری لە پیاوە ڕیش سپییەکە کرد و وتی: ئەری مامە گیان، تۆ لای خۆی ریشت سپییە، دەبینیت ئەو دوو منداڵە شەڕ دەکەن. بە ناوبژیان ناکەیت و لێکیان ناکەیتەوە؟! پیاوە ڕیش سپییەکە وەڵامی دایەوە و وتی: کابرا، تا بە شەڕیانم دا، خەریک بوو شەق بەرم. جەنابتش دەتەوێت بە ئاسانی ناوبژیان بکەم و لێکیان بکەمەوە.
پێویستە هێوادار و خوازراوی ئەوە بین، کە ئەم جەنگە تەشەنەکات و گەورەتر نەبێتەوە و نەگاتە جەنگی ڕەکیتی کۆشوربەی ئێتۆمی. ببێت بە جەنگی سێیەمی جیهانی، ئەگینا ڕژێکی ڕەش چاوەڕێی سەرجەم مرۆڤایەتی دەکات.
لە شارەزایەکی چەک و جەنگیان پرسی، را و بۆچوون چییە، لە بارەی جەنگی جیهانی سێیەم؟ لە وەڵامدا وتی: من هیچ ڕایەکەم لە بارەی جەنگی سێیەمی جیهانییەوە نییە.. بەس ئەوەتان پێدەڵێم، ئەگەر بێتو جەنگی سێیەمی جیهانی هەڵبگیرسێت، دەبێت جەنگی چوارەمی جیهانی بۆ شەڕ بهرد بکرێت.
نەفرەت لە شەڕ و شەڕخوازان.
ڕزا شوان
نەرویج: ٧/ ئادار/٢٠٢٢